# نەفرەتكارەكان نە دەبنە شەفاعەتكار، ونە دەبنە شاهێدیدەر لە ڕۆژی قیامەتدا

لە ئەبی دەرداوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- كە دەیفەرموو: «نەفرەتكارەكان نە دەبنە شەفاعەتكار، ونە دەبنە شاهێدیدەر لە ڕۆژی قیامەتدا».
[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت كە هەركەسێك نەفرەت زۆر بكات لەسەر ئەوانەی كە شایستە نین نەفرەتیان لێبكرێت؛ ئەوا ئەم نەفرەتكارە شایستەی دوو سزایە: یەكەم: نابێت بە شاهێد لە ڕۆژی قیامەتدا لەسەر ئومەتەكان بەوەی پێغەمبەرەكانیان پەیامی خودایان بۆ هێناون، هەروەها شاهێدیدانی قبوڵ ناكرێت لە دونیادا؛ چونكە بە فاسق ولادەر دادەنرێت، ویلەی شەهید بوونی پێنابەخشرێت كە ئەمیش بریتیە لە كوژران لە پێناو خوای گەورە. دووەم: شەفاعەت ناكات لە ڕۆژی قیامەتدا كاتێك ئیمانداران شەفاعەت دەكەن بۆ براكانیان؛ ئەوانەی كە شایستەن لە دۆزەخدا سزا بدرێن.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5495